ئەفسانەی "زمانی هەمیشە پاک"

بەختیار عەلی



قسەیەک لە پراوێزی ئەو گفتوگۆیەدا کە دەربارەی ئازادی بیرورا دەکرێن

هەندێک پێویستی بە زمانە بۆ ئەوەی خەڵک تێیبگات
هەندێکی دیش بۆ ئەوەی لە خۆیان تێبگەن
ئەلیازەر بنعۆش

زمان لە دەستکردی مرۆڤە، لەبەر ئەوەی ناتەواو ء ناکامڵە
جان دێلۆڤ

گومان نییە لەوەی کە تەواوی شۆڕشی زانستی و دەستکەوتە فیکری و فەلسەفییەکانی مرۆڤ هاوڕێی چەمکی ئازادی بیروڕان، گومانیش نییە لەوەی دوژمنانی ئازادی بیروڕا هەردەم ئایدۆلۆژیست و موتڵەکگەرا و دیکتاتۆر و مۆراڵیستە توندڕەوەکان بوون، ئەوانەبوون کە لە پشت بێدەنگکرندەوە ویستویانە ڕاستییەک بشارنەوە و وێنەیەک تەماویبکەن، ئازادی بیروڕا یەکێکە لە گرنگترین پێوەرەکانی جوڵە لە مێژوودا، لە هەرجێگەیەکدا مێژوو کەوتە خۆدووبارەکردنەوە، لە ئاسۆکاندا هیچی نوێمان نەبینی ئەوا بە دڵنیاییەوە چەپاندنێکی فیکری و سنوردانانێکی بەرچاو بۆ بیروڕا هەیە، چونکە ئازادی بیروڕا ئەو فەرزایەیە کە عەقڵ بۆ جوڵە پێویستی پێیەتی، ئازادی بیروڕا تاکە فەرزایەکە کە تێیدا زمان دەتوانێت ببێتە لانکەی سەرهەڵدانی بیرکردنەوەی نوێَ، کارل کراوس دەیگووت "زمان دایکی بیرکرنەوەیە، نەوەک کارەکەری"، بەبێَ ئازادکردنی زمان شتێک نییە ناوی بیرکردنەوەی ئازاد یان ئازادی بیروڕا بێت، ئازادی بیروڕاش کاتێک مانای هەیە کە مرۆڤ بە قوڵیی پابەندی ئازادی مۆڕاڵ و ئازادی عەقڵ بێت، لە جیهانێکدا کە عەقڵ هێشتا لە کۆتوپێوەندە تەقلیدی و دێرینەکانی خۆی ئازاد نەبووە، مۆڕاڵی کۆمەڵایەتی هێزێکی کۆتوانا و گەورەیە کە وەک تارماییەکی ڕەش پاسەوانی هەموو ڕەفتارێکمانە، لە دونیایەکدا ڕای گشتی بەردەوام مردوو و مێگەلئارا و کۆنتڕۆڵکراوە، بۆ شکاندنی ئەو سیستمی چاودێری و کۆنترۆڵکردنە، تاکە شانسی گۆڕان ئازادکردنی توانا و هیوای مرۆڤەکانێتی، جەوهەری هەر پرۆژەیەکی نوێگەریش دەبێت بەشداریکردنبێت لەو ئازادکردنەیەدا، ئێمە کۆمەڵگایەکین هێشتا گەلێک دوور لە نوێبوءنەوە دەژین، تازەگەری هێشتا خەونێکی دوور و ئەستەمە، بۆئەوەی بەرەو تازەگەری هەنگاو بنێین پێویستیمان بە داڕشتنی "ژێرخانی تازەگەرییە"، بۆ ئەوەی ژێرخانی تازەگەریش دروستبکەین دەبێت لەم

سیستمەی ئەمڕۆی شتەکان بڕۆینەدەرێ، لەم سیستم و پۆلێنکاری و ڕیزبەندییەی ئێستا دەرچین، دەبێت کۆتەکانی سەر ئەستۆی زمان کەمبکەینەوە و سنووری حەرامەکان بچوکبکەینەوە، هەموو هەوڵێک بۆ گۆڕەکردنی حەرامەکان هەنگاوێکە دژ بە نوێبوءنەوە، ئازادی سەرەتایەکی پێویست و جەوهەرییە بۆ تازەگەری، لەمپەرخستنە بەردەم ئازادی لەژێر هەر ناوێکدابێت، لەمپەردانانە لەپێشدەم پاشەڕۆژدا.

هەر شێواندنێک بۆ چەمکی ئازادی بیرورا و بارکردنی بە کۆمەڵێک سەرەتاکەی نادروست، قورس لەسەر کۆی خەونی تازەگەری تەواو دەبێت، ئەمڕۆ هەوڵێکی ترسناک هەیە بۆ شێواندنی ڕووی ئەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی ئازادی بیرورا دەبنەوە، ئازادی بیرورا شتێک نییە بۆ ڕۆشنبیران و سیاسییەکان و خاوەن حیزبەکان قۆرغبێت، مرۆڤی کورد بە درێژایی مێژووی خۆی لەدەرەوەی بازنەی قسەکردن بووە. بەشێکی گەورەی گۆڕان لە دنیای ئێمەدا لەوەوە دەست پێدەکات ئەم مرۆڤە فێری قسەکردن بێت. لە دونیای ئێمەدا تا ئەمڕۆ گەلێک هێزی گەورە بۆ بەرتەسککردنەوەی تواناکانی قسەکردن ئیش دەکەن، تا ئەمڕۆ قوتابخانەکان و زانکۆکان مرۆڤ وا پرۆگرام دەکەن نەتوانێت بە دروستی باس لە خۆی بکات، تا ئێستا بەشی هەرەزۆری ڕاگەیاندنی ئێمە لە خزمەت گەمژە کردن و لاڵ کردنی مرۆڤدان. دەزگاکانی حیزب و حکومەت ساڵانە ملیۆنەها دۆلار لە قایمکردنی کۆڵەکەکانی "کولتوری سەتحی و بازاڕیدا" سەرف دەکەن، شارەکانی ئێمە بێ شانۆن، بێ سینەمان، خەڵکی ئێمە دوورن لە کتێبە جوانەکان، دوورن لە فلیمە جوانەکان، دوورن لە بیستنی هونەرە بەرزەکانی گۆرانی و مۆسیقا و شێوەکار، ئەوەشی دەگاتە ئەو وڵاتە خەڵک بە کەناڵەکانی خۆیدا دەیبات، تا ئێستا پۆلیسی فرۆکەخانەکان و سەر سنورەکان لەسەر کتێب یەخە بە خەڵک دەگرن، کەچی بەودیودا ملیۆنەها دۆلار لە پرۆژەی بێمانا و گۆرانیبێژی بێهونەر و ڤیستیڤاڵی بێسووددا سەرفدەکرێن، بەڵام هەموو ئەوانە بە ئەندازەی گوڵی ناو باغچەیەک کە بە خۆڕسک دەڕوێت، جوانییان نەخستۆتە سەر دونیای ئێمە .ئیدی مرۆڤی ئێمە لەناو ئەم ماشێنە گەورەیەدا کە دەیهاڕێت و زەوقی لێدەستێنێتەوە چۆن بتوانێت کاتێک دەست بۆ قەڵەم دەبات جوان و بەویقار بنوءسێت. ڕێگای دەربازبوون لەم دۆخە ئەوە نییە نەهێڵین ئەم مرۆڤە چیتر بدوێت، ئەوە نییە بیر لە دانانی یاسا بکەینەوە بۆ خنکاندنی دەنگیان، دەبێت لێگەڕێین بدوێن و توڕەببن و هەڵەبکەن، دەبێت نوءسینی هاوڵاتییەک کە لە سایتێکی ئینتەرنێت یان ڕۆژنامەیەکدا توڕەییەکانی خۆی دەنوءسێتەوە، مەراق و پرسیارە سیاسییەکانی خۆی بەیاندەکات، بەو پێوەرانە نەپێوین کە شیعری شاعیر و ڕۆمانی ڕۆماننوءسەکانی پێدەپێوین. ئەوەی ئێمە لێرەدا قسەی لەسەر دەکەین دیاردەی ئەدەبی و تێکستی فیکری نین، بە پێوەرەکانی ڕەخنەی ئەدەبی و فەلسەفی ناخوێنرێنەوە، ئێمە لەبەردەم دیاردەیەکی سۆسیۆلۆژیداین و ڕۆڵی ئێمە وەک ڕۆشنبیر ئەوەیە هەوڵبدەین تێبگەین، نەوەک ببین بە هاوکار و هاودەستی دەسەڵات و یاسایان بۆ دانێین ئازادییەکانی پێ سنووردارنبکەن و سزای خەڵکی پێبدەن. ئەو بچوکەی ئازادییەکان بەتەسک بکەنەوە، هەڵەیەکی مێژوویی گەورە بەرابەر بە داهاتوو دەکەن

.

ئەوەی دەیەوێت قسە لەئازادی بیروڕابکات دەبێت لەچوار سەرەتاگەی زۆر سەرەتایی و سەرەکییەوە

دەست پێبکات

.

یەکەم :ڕەخنەگرتن لە دەستتێوەردانی بەردەوامی دەسەڵات لەکایەی ڕۆشنبیری و فیکریدا، خوێندنەوەی میکانیزمەکانی ئیشکردنی لەم بوارانەدا و تاءءتوێکردنی جەوهەری ئەو سیاسەتە کولتورییەی ئێستا پیادەدەکرێت. چونکە گەورەترین مەترسی لەبەردەم ئازادی بیروڕادا بریتییە لە دەستتێوەردانی خراپی دەسەڵات لەژیانی ڕۆژنامەگەری و ڕۆشنبیری ئێمەدا.
دووەم: ڕەخنەگرتن لە شێوازی کۆنترۆڵکردنی ڕای گشتی، ڕەخنە لە مۆنۆپۆڵکردنی کەناڵە گەورەکانی ڕاگەیاندن)) ئیدی لە ڕۆژنامەوە بیگرە تا دەگاتە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان)) و ئاراستەکردنیان بە شێوازێکی ئایدۆلۆژی موتڵەق. چونکە مەترسی هەرە گەورەی سەر ئازادی بیروڕا ئەوەیە کە پیاوانی دەسەڵات و سەرانی ئەرستۆکراتییەتی نوێی کورد بەشی هەرە زۆری مینبەرەکانی ڕاگەیاندنیان مۆنۆپۆڵکردووە.

سێهەم: ڕەخنە لە پرۆسەی دروستکردنی مرۆڤی بێباک و بێبیرکردنەوە لەم کەناڵانەدا، کە بە کۆ لە خزمەت دروستکردنی مرۆڤێکی تاک ڕەهەنددان کە لە هەستی ڕەخنەیی خاڵیبێت.
چوارەم: بەدواداچوونی بەردەوام بۆ ئەو هەموو فشارە بێسنوورەی کە ڕۆژنامەگەری ئەهلی و ڕۆژنامەنوءسانی نارازی لەسەریانە

.

هەرکەسێک لەدەرەوەی ئەم پرەنسیپە سەرەتاییانە باس لە ئازادی بیروڕا بکات، بیەوێت لە یاسای بدات، خۆی دەخاتە ژێر نیشانەیەکی پرسیاری گەورەوە. کێشەی ئازادی بیروڕا لە کوردستاندا ئەو وتارانە نییە کە کۆمەڵێک خەڵکی بێمینبەر و بێدەروازە لە سایتەکانی ئینتەرنێتدا دەینوءسن، کۆمەڵێک خەڵک هێندە نائومێدن جگە لە زمانی زبری تووڕەیی هیچ زمانێکی دی نادۆزنەوە قسەی پێبکەن، بەڵکو ئەو دەستتێوەردانە زەبەلاح و بێسنوور و فرەسەر و ترسناکەی دەسەڵات و حیزبە لە ژیانی ڕۆشنبیری و فیکریمان.

من لەماوەی دواییدا چەندجارێک گوێم لەو برایانە بوو کە باس لەیاسای ڕۆژنامەگەریی دەکەن، باس لە دانانی سنوور و دیاریکردنی سنووردەکەن، واهەستدەکەم هەندێک لەوان، قسەکان بەو ئاراستەیە دەجوڵێنن کە لە کوردستاندا ئازادی بیروڕا تەواو بەرقەرارە و تەنیا پێویستی بە ڕێکخستن هەیە. وشەی ڕێکخستن لە ناو کۆی ئەم قسانەشدا زرینگەیەکی ئێجگار ترسناکی هەیە، واتە هێزێک هەیە دەیەوێت ئەو ڕووبەرە زۆر بچوکەی ئازادیش ڕێکبخات)) واتە کەمیبکاتەوە))، بەمانایەکی دی خەڵکانێک هەن پێیانوایە لە فەزای ئازادی ئێمەدا ئانارشییەت و فەوزا و ناڕێکی بەرقەرارە و دەبێت ئەو ئانارشییەت وناڕێکییە کۆتایی پێبهێنێت و بخرێتە ناو چوارچێوەیەکەوە و هەموء نوءسەران لە چوارچێوەی یاسایەک و سوێندێکی شەرەفدا کۆبکرێنەوە. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە: بەڕاست لە دونیای نوءسینی ئێمەدا ئانارشییەتێکی ئەوتۆ بەرقەرارە کە ئیدی دەبێت لە

ئەخلاقیاتی نوءسینی کوردی بترسین؟ ئاخۆ بەڕاست ئەمە کێشە سەرەکییەکەی ناو ڕۆشنبیری کوردییە؟ ئایا بەڕاست دەکرێت لەدونیادا یاسایەک بۆ نووسین و سنوورێک بۆ تەعبیر دابنرێت کە خەڵکانێک بەندەکانی بنوءسن و پەرلەمان مۆری خۆی بخاتە سەر ((پەرلەمانێک کە خۆی تاڕادەیەکی بەرچاو خاڵییە لە ئەهلی نوءسین)). ئاخۆ هیچ پەرلەمانێک لەسەر زەویدا مافی ئەوەی هەیە سنوورەکانی ئازادی نوءسینی من دیاریبکات. ئاخۆ ئەدەب و ئەخلاقیاتی نوءسین مەسەلەی پەیوەندی نوءسەرە بە سنوورەکانی تەعبیر و شێوەکانییەوە یاخود بڕیاری پەرلەمانە؟ ئاخۆ نوءسەر خۆی ئەوە دیاریدەکات دەبێت چۆن بنوءسێت یان دەوڵەت و یاسادانەرەکانی؟ ئاخۆ لەڕاستیدا هیچ سنورێک هەیە نوءسەر لەگەڵ ئەوانی تردا لەسەری ڕێکبکەوێت؟ یان لەجەوهەردا سەرەتای هەر تازەگەرییەک ڕزگارکردنی مۆراڵی نووسینە لە مۆراڵی سنووردانان و ڕێکخستن و لەقاڵبدان.
بەهانەی هەرەگەورەی ئەم برایانە ئەو نوءسینە توندانەی ئینتەرنێت و هەندێک نوءسین و هەواڵی ناو ڕۆژنامەکانی ناوخۆیە، من حەزدەکەم دووبارە کۆمەڵێک پرسیاری دیکە بخەمە سەر گومانەکانم و لەو هاوڕێیانە بپرسم: ئاخۆ ئەوانەی کە نوءسەر نین، یان نووسەری باش نین بۆیان نییە بنوءسن؟ ئاخۆ بۆیان نییە ڕاوبۆچوونیان هەبێت؟ بۆیان نییە توڕەببن؟ ئاخۆ زۆربەی ئەوانەی لە ڕۆژنامەگەری حیزبیدا ئیشدەکەن، نوءسەرن؟ ئایا هەندێک لەوانەی دەزگا ڕۆشنبیرییە گەورەکان و دەزگا گرنگەکانی ڕاگەیاندن ئاراستەدەکەن، ڕۆشنبیرن؟ ئاخۆ ئەوانەی قسەی زبر دەنوءسن ترسناکترن، یان ئەوانەی تەنیا ستایش و پیاهەڵدان و ملکەچیی دەزانن؟ کامیان ترسناکترن لەسەر عەقڵی خەڵک و پاشەڕۆژی ئازادی لەم وڵاتەدا، نوءسەرانی پیاهەڵدان و ملکەچی دەزانن؟ کامیان ترسناکترن لەسەر عەقڵی خەڵک و پاشەڕۆژی ئازادی لەم وڵاتەدا، نوءسەرانی پیاهەڵدەری ڕاگەیاندنە حیزبییەکان یان نوءسەرانی بێسانسۆری ئینتەرنێت؟ ئایا ئەوانەی دەیانەوێت یاسا دانێن و بیبەن بۆ پەرلەمان، نازانن پەرلەمانی کوردستان چۆن بەیەکەوە نراوە و کێی تێدایە؟ من دەپرسم: کامەیان بۆ ئازادی بیروڕا ترسناکە، سیاسەتی فڕاندن و لێدان و تۆقاندن و جنێودان بە ڕۆژنامەنووسان کە هەموو ڕۆژێک ڕووبەڕووی ڕۆژنامەنوءسانی ئازادی کورد دەبێتەوە، یان ئەو نوءسینانەی دەسەڵات و حیزب پێیانوایە برینداریکردون؟

پێموایە خەڵکانێک هەن دەیانەوێت ئەوە لەبیربکەین کە درۆکردن و خەڵک خەڵەتاندن و ڕاستی شاردنەوە و هەواڵی درۆ دروستکردن و تەشهیرکردن لە ڕۆژنامەگەری حیزبییەوە سەریان هەڵدا، دەیانەوێت ئەوەمان لەبیربچێتەوە کە ئەو ئەخلاقانە بەشێکن لە مۆراڵی ڕۆژانەی دەسەڵاتی کوردی. ڕەخنەگرتن لەم کولتوورە لە ڕەخنەگرتن لە سایتەکانی ئینتەرنێتەوە دەست پێناکات، بەڵکو بە ڕەخنەگرتن لە تێگەیشتنی دەسەڵاتی کوردی لە چەمکی زمان و حەقیقەت و زەبروزەنگ دەست پێدەکات .بەرلەوەی مرۆڤ قسە لەسەر ئازادی بیروڕا بکات، دەبێت قسە لەو ئەخلاقە بکات کە ڕاگەیاندنی ڕەسمی پێدەچێت بەڕێوە. ئەو هێرشەی کە ئەمڕۆ دەکرێتە سەر سایتەکانی ئینتەرنێت لەبەرئەوە نییە کە مەرجی بڵاوکردنەوەی زانستی یان ئەخلاقی مەعریفی لەنوءسینی ئەم سایتانەدا نییە، چونکە ئەم مەرجە لە زۆربەی ژیانی ڕۆشنبیری ئێمەدا نائامادەیە، لەبەرئەوەش نییە کە ڕۆشنبیرانی کورد و سیاسەتمەدارانی کورد گەیشتونەتە ئاستێک کەس نایەوێت گوێی لەقسەی زبر

بێت، چونکە کولتووری جنێو و تەشهیر و وێنەشێواندن، لەڕۆحی سیاسەتی کوردییەوە هاتۆتەدەرآ. بۆیە بێدەنگبوون لەو هەموو پێشێلکاریانەی کە ئازادی بیروڕا ڕووبەڕووی دەبێتەوە و پەلاماردانی چەند سایتێکی ئینتەرنێت کە کۆنترۆلکردنیان لەدەرەوەی سنووری دەسەڵاتدایە، لای من شوێنی گومانێکی گەورەیە.

ئیشی نوسەران ئەوەنییە یاسا دابنێن، ئیشی نوسەران ئەوەیە بەرگرییەکی ڕەها و بێچەندوچون لە ئازادی نووسین و ئازادی بیروڕا بکەن، با ئەو ئازادییە هەندێکجار ئازاریشمان بدات، با ئەو ئازادییە بە هەڵەشدا بڕوات، با هەندێک کەسانی بێبەهرە و جنێوکۆ سوودیی لێ ببینن، با هەندێک خەڵکی کەمتوانا بەو ئازادییە بریندارمانبکەن، لەگەڵ ئەوانەشدا نرخی ئەو ئازادییە هەزارانجار لە بەهای هەڵەکانی گەورەترە. من ڕوو دەکەمەوە ئەو برادەرانە و لێیاندەپرسم، لە چ قۆناغێکی مێژوو و لەچ کولتوورێکی دونیادا قسەی توند و زمانی هەڵچوون بەکارنەهێنراوە، تا ئێستا ئەمە بەهانەی ئەم هاوارە بەرزانە بێت بۆ زیاتر لە قانونندانی نوسین و یاسابەندکردنی. زمانی پاک لەچ بڕگەیەکی مێژوو و لەچ کولتوورێک و لەچ جێگایەکی سەرزەمیندا هەبووە تا ئەوە بەهانەی یاساڕێژکردنی سنورەکانی نوسین بێت؟ بەرکاهێنانی زمان وەک چەکێک، بەرهەمی ئێستا نییە، بەڵکو هاوڕێی لەدایکبوونی کولتوور خۆیەتی، لەئەفسانە گریکییەکانەوە سەرهەڵدانی کولتور و شارستانییەت هاوڕێی دەرد وئازارە، سیزیف کە ئاگر ((هێمای کولتور)) بۆ مرۆڤەکان دەهێنێت، دیارییەکەی دەبێتە مایەی هاتنی سندوقە تاریک و پڕ دەردەکەی باندۆرا کە ئازار و بیماری لەسەر زەوی بڵاودەکاتەوە. ئەو ترس و فۆبیا گەورەیەی ئێستا دەرهەق بە نوسینی زبر بڵاودەکرێتەوە، ترسێکی سیاسی و ئایدۆلۆژییە، پەیوەندی بە مەیلی دەسەڵاتی کوردییەوە هەیە بۆ بەشەرعیکردنی سانسۆر و دووبارە پەتکردنەوەی وشەکان و ڕستەکانمان، کاتێک گۆتە لە کۆتایی یەکێک لە شیعرەکانیدا دەنوسێت)) بیکوژە، وەک سەگ بیتۆپێنە، ئەمە ڕەخنەگرە)) کەس لە ئەڵمانیا داوای بەستنی کۆنگرەی ئەخلاقی و چاکسازی زمانی نوسینی نەکرد، کە شاعیری گەورەی ئەڵمان ((هاینرش فۆن کلایست)) دژ بە ناپلیۆن و سوپاکەی دەیگووت ((بیانکوژن، هیچ عەدالەتێکی دونیا لێتان ناپرسێت بۆ کوشتتانن))، کەس ئەم زمانە بێڕەحم و نامرۆڤانەیەی وەک بەهانەی ڕێکخستن و قانونڕێژکردنی فەزای نوسین بەکارنەهێنا. کاتێک ((لەیدی ئاستۆرس)) لە پەرلەمانی ئینگلیزیدا بە چەرچڵی گوت ((بەڕێز، گەر تۆ مێردم بوویتایە، کوپی قاوەکەتم پڕ دەکرد لەژەهر((، چەرچڵیش وەڵامیدایەوە ((خانم گەر من مێردی تۆ بوومایە، دڵنیابە دەمخواردەوە))، هیچ ئینگلیزێک هەڵنەستا داوای گۆڕینی یاساکانی قسەکردن و دانانی داب و نەریت بۆ قسەی سیاسییەکان بکات. کاتێک یۆشکا فیشەر ((وەزیری دەرەوەی پێشووی ئەڵمانیا)) بە ((ڕیتشارد شتۆکلن)) سەرۆکی پەرلەمانی گووت)) جەنابی سەرۆک، تۆ قووندەرێت)) کەس داوای دانانی قانونێکی نەکرد حورمەت و ویقارێکی زۆرەملێ بەسەر سیاسی و نوسەر و پەرلەمانتارەکانی ئەڵمانیادا بسەپێنێت. هەڵبەت من مەبەستم نییە بەرگری لەمجۆرە وشانە بکەم، مەبەستم نییە بڵێم با دونیای ئێمەش لەم نموونەیە بێت، بەڵام مەبەستمە بڵێم ئەمجۆرە قسە و نوسین و ئەخلاقانە بەهانە نین بۆ سنوردارکردنی ئازادی تەعبیر. ئەمجۆرە نوسین و هەڵوێستانە لەڕێگای یاساوە کۆنترۆڵ ناکرێن، هەر یاسایەک بەناوی ڕێگرتن لەمجۆرە قسانەوە دابنرێت لەجەوهەریدا یاسایە بۆ ڕێگرتن لەشتی دیکە، کەس ناتوانێت نوسەر و

ڕۆشنبیران و سیاسییەکان یەکجار و بۆ هەمیشە بکاتە پیاوی بەویقار کە هەڵە ناکەن. زمانی زبر وتوند هەمیشە بەشێک بووە لە کولتووری قسەکردن و نووسین خۆی. ئەم توندوتیژییە دیاردەیەک نییە تایبەت بێت بە دونیای کورد، دەشێت برێک لە تایبەتمەندی کوردییانە لەسەر هەڵدانی ئەو دیاردەیەدا هەبێت. بەڵام ئەو فۆبیا گەورەیە و ئەو پەرچەکردارە توندەی ئەمڕۆ دەیبینین پەیوەندی بە سیستمی کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتی کوردییەوە هەیە بۆ فەزای نوءسین. ئێمە پێویستمان بە ئازادی بیروڕا هەیە، نەبۆئەوەی بەتەنیا ئێمە بنوءسین، بەڵکو بۆئەوەی ئەو مافە بۆ هەمووان کراوە بێت، هەمووش دەزانین هەموو نوءسینەکان لەهەمان مینبەر و بەهەمان پێوەر ناپێورێن، ئیدی ئەم هاوار و گریانە بە دڵنیاییەوە بۆ شتێکی دییە. من ڕاموایە نوءسینی جوان و ڕاستەقینە گەر هەزاران قەڵەمیش نیگاری بشێوێنن، ناشێوێت. هەموو نوءسەرە گەورەکان و کتێبە جوانەکانی دونیا دوژمنیان هەبووە، بەڵام هیچ دوژمنێک نەیتوانیوە ڕۆحی کتێبێکی گەورە بکوژێت وناوی نوءسەرێکی ڕاستەقینە بزڕێنێت. ئەدەبی گەورە و تێکستی مەزن هەرگیز لە نوءسینی خراپ و تۆمەتی خەڵکانی کەم بەهرە ناترسن، چونکە ئەدەب و فیکرێک هێزی مانەوە و ژیانی پێبێت هیچ هێزێکی بچوک نایوەستێنێت. ئەو ترسەی ئەمڕۆ لە ئینتەرنێت دروستبووە، ترسی ئەدەبیات نییە لە شێوان، ترسی زمان نییە لە پیسبوون، بەڵکو ترسی دەسەڵاتە لەوەی ئازادانە باسبکرێت، ترسی دەسەڵاتە کە کۆمەڵێک ڕۆشنبیری کردۆتە قەڵغانی خۆی و بەناوی ئەوانەوە سنووری ئازادییەکان تەسک و سنووری حەرامەکان گەورە دەکات. ئازادی بیروڕا کاتێک بەرقەرار دەبێت کە حیزب دەست لە ژیانی ڕۆشنبیرییەکان لەدەست پیاوانی حیزب بسەنرێنەوە. هەڕەشەی گەورە لەسەر ئەدەبیاتی ئێمە و حورمەتی فیکر و ئازادی بیرکردنەوە نوءسەرانی ناو سایتە کوردییەکان نین، کە دەوێرن بێپەردە ڕای خۆیان بنوءسن، بەڵکو ئەو مامۆستایانەی زانکۆن کە دکتۆرا دەبەخشنە خەڵک و بیست ساڵە کتێبێکی نوێیان نەخوێندۆتەوە، هەڕەشەی گەورە لەسەر ئازادی تەعبیر ئەوەنییە گەنجێک لەسایتێکی ئینتەرنێتدا نەزانێت بەدروستی تەعبیر لە خۆی بکات، بەڵکو ئەوەیە پەرلەمانێک دروستبکەیت، ئەندامەکانی نەزانن سوێندەکەی ((کە تاکە دێڕێکە)) بەدروستی بخوێننەوە. ئێمە لە کولتوورێکدا دەژین هانی مرۆڤ نادات تەعبیر لە خۆی بکات، بەڵکو فێریدەکات لە هەموو وشەیەکی خۆی و لەهەموو دێڕێکی خۆی بترسێت، لەکولتوورێکی وەهاشدا یاسادانان و سانسۆرکردن و بەرتەسککردنەوەی ئازادی، بەر بەمجۆرە تێکستانە ناگرێت. دەبێت خەڵک بنوءسن، بۆئەوەی تێیانبگەین، دەبێت بنوءسن بۆئەوەی بتوانن لە خۆیان تێبگەن، نووسین تەنیا بۆئەوە نەکراوە ڕۆمانی گەورە و شاکاری پێبنوءسین، بۆئەوە کراوە مرۆڤە سادەکانیش وەک کەرەستەیەکی پەیوەندیکردن بەکاریبهێنن، با ئەمڕۆ زەحمەت ببینن لە تێگەیاندنی ئێمەدا، بانوءسینیان ئەو ویقارەی تیانەبێت، با لێرە و لەوآ خەڵکانێک سوودی خراپ ببینن، ئەمانە هیچیان مانای ئەوە نین کە نوءسین و ئەدەبیاتی ئێمە لەبەردەم هەڕەشەدایە، نوءسەری ڕاستەقینە خۆی زمانی خۆی دروستدەکات، نوءسەری نەمساوی کارل کراوس دەیگووت ((زمانی من سۆزانییەکی بەربادە، من دەیکەمەوە بە کیژێکی پاکیز .((ئەوە ئیشی نووسەرانە زمان لە سۆزانییەوە بکەنەوە پاکیزە. ئیشی نوءسەران ئەوە نییە داوابکەن کەس هیچ بەم زمانە نەنوءسێت تا پیس نەبێت. بەبۆچوونی من ئێجگار ناڕەوا و نامرۆڤانەیە بە ناوی پاراستنی زمانی ئەدەبی و ڕێزەوە ئەو پەلامارە ناهەقانە بکەینە سەر خەڵکانێک کە ڕەنگە بۆ جارێک یان چەند جارێک هەندێک سکاڵای دلڕ بنوءسن، هەندێک تورەیی خۆیان تۆماربکەن. ئازادی باجی هەیە کە دەبێت

هەموومان بیدەین، ئازادی من باجێکی هەیە کە بڕێکی دەبێت تۆ بیدەیت، ئازادی تۆش باجێکی هەیە کە بڕێکی دەبێت من بیدەم، بەبآ ئەوە نە من ئازادم و نەتۆ. لێگەڕێن ئەوانەی دەدوێن ئەو زمانە بدۆزنەوە کە شەرحی حاڵی خۆیانی پێدەکەن، لێگەڕێن ئەوانەی دەدوێن، نوءسین کۆمەکیان پێبکات لەخۆیان تێبگەن. گەر کەسانێک هەن دەیانەوێت بە زمانێک بنوءسن هەمیشە پاک بێت، هەمیشە کامل و بێگەرد و بێخەوش بێت، گەر نایانەوێت زمانی کوردی زمانی ئادەمییەکان بێت و نیازیانە بیگۆڕن بۆ زمانی فریشتەکانی بەهەشت، با ئەو زمانەی خۆیان بەرن بۆ ئەوآ، ئێمە لێرە لەناو ئادەمیزادەکاندا دەژین، ئادەمیزادیشمان وەک فریشتە ناوێت، بەڵکو بەهەموو کەموکورتییەکانییەوە خۆشماندەوێت و بەرگری لێدەکەین.